# ڕانان و وەرگێڕان لە زماندا

ئەمجەد عوسمانی
(بۆکان)

## مێژووی وەرگێڕان

هونەرێکی گواستنەوەیە، هەروەک translation ژانری وەرگێڕان، یان دەزانین تەواوی جیهان بە زمانێک نادوێن، کەواتە بۆ پێوەندی و ئاڵوویرکردنی زانیاری پێویستە کەسانێک وەک وەرگێڕ ئەم ئەرکە بە ئەستۆوە بگرن. ئەوە ژانری وەرگێڕانە کە کولتووورە جیاوازەکان لێک نزیک دەکاتەوە و زمانەکانی کۆمەڵگەکان بەیەکتری ئاشنا دەکات.

سەبارەت بە چەمکی وەرگێڕان، مێژوویەکی دیاریکراوی نییە و مرۆڤەکان سەرەتا بە ئاماژەی دەست، سەر، چاو و برۆ یەکتریان حاڵی دەکرد و دواتر بەداهاتنی زمان بووەتە پێداویستی ژیان، بەڵام وەک نووسراو، بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایین و سەردەمی ئیمپراتۆری میسر دەگەڕێتەوە.

کاتێ ڕۆمییەکان توانیان دەست بەسەر بەشی هەرە زۆری کولتووری یۆنانییەکاندا بگرن، ڕەوتی وەرگێڕان برەوی پەیدا کرد. لە سەدەی دوازدەم بەم لاوە ئیسپانیا لە وڵاتە ئیسلامییەکان نزیک بووەوە کە لێرەوە ڕۆڵی وەرگێڕان لەئاستێکی بەربڵاودا خۆی نیشان دا. دوای دارمانی ئیمپراتۆری ڕۆژئاوا دەستەیەک لە وەرگێڕە عەرەبەکان بەرهەمی زانستی و فەلسەفی یۆنانیان وەرگێڕا. لەسەدەی

نۆزدەم بەم لاوە وەرگێڕان وەک کارەستەیەک بۆ پێوەندی نووسەران و فەیلەسووفان و زانایانی گشت جیهان بەئەژماردەهات، دواتر سەدەی بیستەم وەک «سەردەمی وەرگێڕان» لەقەڵەم درا. پێداویستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و زانستی و کێبەرکێی بازرگانی و ئابووری بارودۆخێکی وا پێک دەهێنێ کە بەڵگە و وتارەکان و کتێبەکان وەربگێڕدرێنە سەر زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهان. هێندێک پێیان وایە مێژووی وەرگێڕان بۆ سەردەمانی کەونارای مێزۆپۆتامیا دەگەڕێتەوە. ئەوکاتەی شیعری سۆمەرییەکان و چیرۆکی گێلگامێش وەرگێڕدرانە سەر زمانە ئاسیاییەکان.

کەونینەناسان دەڵێن کتێبی ئینجیل و گێلگامێش یەکەم کتێبی وەرگێڕدراوی جیهانن، دواتر ڕەبەنەکانی بوودایی بەرهەم و بەڵگەکانی هیندیان کردە چینی، هەروەها ئۆدیسەی هۆمێر لە یۆنانییەوە کرایە لاتینی. مێژووی وەرگێڕان لە جوغرافیای ئێران بۆ سەردەمی ماد دەگەڕێتەوە و لە چاخی ساسانییەکان برەوی پەیدا کرد. کتێبی کلیلە و دمنە (مامۆستا ئەحمەد قازی کردوویەتییە کوردی) بەرهەمی ئەو سەردەمەیە، واتە ڕۆڵ و گرینگی وەرگێڕان هەر پتر و پترتر دەبێ، بەجۆرێک کە چاخی ڕێنسانسی ئەورووپا و پیشەسازی ئێستاشی لەگەڵ بێت، بەرهەمی وەرگێڕانە.

ئەمڕۆکە وەرگێڕان وەک ئەرک و ئیشێکی پیشەسازی وایە و لە بواری جۆراوجۆردا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئێستە وەرگێڕان کارەستەیەکە بۆ ڕاگەیاندن، پێوەندی فەرهەنگی، ئەدەبی، هونەری، ئابووری، سیاسی، بازرگانی و .....

دوای بزاڤی پیشەیی و ئابووری وڵاتەکان لە سایەی وەرگێڕاندا سەرکەوتنێکی یەکجار زۆری بەدەست هێنا، بەجۆرێک کە دەزگای نۆیی بەرهەمهێنان بە خێرایی کەوتنە گەڕ.

لە سۆنگەی وەرگێڕانەوە دەتوانین بەرهەمی نووسەرە بەناوبانگەکان بخوێنینەوە و کولتوور و فەرهەنگی گەلانی دی بناسین، هەرچەندە تا ئەدەبیاتی گەلانی خۆجێیی دەوڵەمەندتر بێت، هانا بردن بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی بیانی کەمتر دەبێتەوە.

وەرگێڕانی بەرهەمی بیانی تاموچێژی ئەدەبیاتی ناوخۆ دەگۆڕێ، سەبارەت بە قازانجی وەرگێڕان زۆر دواین و شک لەوەدا نییە کە خاڵی پۆزەتیڤی بەرچاوی هەیە، بەڵام کەمتر باسی زیانی وەرگێڕان کراوە، مەبەست هاوردەکردن و گواستنەوەی وشە و دەستەواژەی زمانی دەسپێک، یان بیانی و سەرچاوەیە. هیندێک پێیان وایە وەرگێڕان هێرشی فەرهەنگییە. ڕاستییەکەی وەرگێڕان دەقاودەق وەک خۆی نایەتەوە، بەڵام پرۆسەیەکی ڕوونکردنەوەیە و وەرگێڕێک ئەم خاڵە لەبەرچاو نەگرێت، وەرگێڕانەکەی قورسە و خوێنەر لێی حاڵی نابێت. بۆ وێنە کاتێ باسی وشەی عێل دەکەین دەبێ ئاماژە بە وشەی عەشیرەتیش بکەین، یان باسی ئێتنیک دەکەین دەبێ مەبەست نەتەوە بێ، ئەگینا خوێنەر درکی ناکا. ئەرکی سەرەکیی وەرگێڕ ئەوەیە کە کاکڵی بابەتەکە بپارێزێ، هەرچەندە وەرگێڕ دەتوانێ لە هێندێک بابەت بەو مەرجەی چەمکی وەرگێڕانەکە نەگۆڕێ کەم تازۆر، تەنانەت بیسڕێتەوە، ئەوەش تەنیا بۆ تێگەیشتنی خوێنەرە. لێرەدا ناکرێ بڵێین وەرگێڕ ئەمانەتدار نەبووە و پرەنسیپەکانی وەرگێڕانی لەبەرچاو نەگرتووە، حەولی ئەو گەیاندن و تێگەیاندنی پەیامی بابەتەکە بۆ خوێنەرە.

وەرگێڕ بەردەوام گرنگی بە دوو چەمک

دەدا: زمانی دەسپێک و زمانی مەبەست، کە یەکەمیان زۆرتر ئاگای لە نووسەرە و دووەمیان بۆ لای خوێنەری ڕادەکێشێ، واتە خوێنەرتەوەر دەبێ. وەرگێڕان دنیایەکی ڕەمزاوییە، تا زۆرتر قوونەکەوی بکەی، کەڵکەڵەت پتر و پتر دەبێت و ئەم پرۆسەیە دوایی نایە و هەر بەردەوامە.

ئەمڕۆکە وەرگێڕان یارمەتیت دەدا بە زووترین کات لە زانستی ڕۆژ و مۆدێرن تێبگەی و کاتت بە فیڕۆ نەچێت. دیارە بۆ وەرگێڕان دەبێ چەند خاڵ لەبەر چاو بگرین و تەنیا بە زانینی زمانی دەسپێک و مەبەست ڕازی نەبین. هونەری وەرگێڕان زۆرتر لە داڕشتندا خۆی دەنوێنێ و گرینگترین بەشی وەرگێڕانە، بەجۆرێک کە خوێنەر هەست بە وەرگێڕان نەکا و لەسەر زاری خوێنەر پاراو بێ. سەرەڕای ئەوانە وەرگێڕان یەکێ لەڕێگەکانی دەوڵەمەندبوونی کتێبخانەیە و زانیاری مرۆڤەکان بەرفراوان دەکات و تاکی کۆمەڵگە سوود لەتەکنۆلۆژی سەردەمیانە وەردەگرێ.

جۆرەکانی وەرگێڕان بریتین لە:

زارەکی، نووسراوەیی، وشە بە وشە، ئازاد، تەکنیکی (هونەری)، ئەدەبی.

وشە بە وشە زۆرتر بۆ ڕیکلام و هێندێک لە دەقە زانستییەکان بەکار دەهێندرێت.

وەرگێڕانی ئازاد زۆرتر بۆ ڕۆمانە و وەرگێڕ بۆ بە کارهێنانی مەتەڵ، ئیدیۆم و دەستەواژە دەستی ئاواڵەیە و دەتوانێ هێندێک لە وشەکان هاوواتا بکات و بۆ جوانکاری دەقەکە کەڵکیان لێ وەرگرێت.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە هەرئەندازە ئەدەبیاتی گەلانی خۆجێیی دەوڵەمەندتر بێ، کەمتر پێویستیمان بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بیانی دەبێت، واتە ئەم پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی چیرۆک و ڕۆمانی لای خۆمان ناتوانن هەستی خوێنەر بزوێنن و بیر و ئەندێشە بخەنە گەڕ؟ چونکە چیرۆک و ڕۆمانەکان لە ئاستێکی نزمدان و فۆرم و شێوازیان لە چوارچێوەیەکی کپ کراو و دەستبەسەرکراودایە، واتە سیستمێک کە فیکر و ئەندێشە دەخنکێنێ و دەپرووکێنێ و ناهێڵێ گۆڕانکاری بەسەردا بێت، هەربۆیە خوێنەر پەنا بۆ ئەدەبیاتی بیانی دەبات، بەقەولی کوتوان: «چەتر کاتێک هەڵی دەی بەکار دێت، بیر و هزریش کاتێک ئازاد بێت.»

بەڵێ ڕووناکبیران و نووسەرانی ڕۆژهەڵات لەبازنەیەکدا ژیانی نووسین بەسەر دەبەن و زۆرجار بێحورمەتی و سووکایەتییان پێ دەکرێت. کاتێک بیر و ئەندێشە دەسبەسەر بێ، هێزی هەڵفڕین نییە و ناتوانن شتی نوێ بخوڵقێنن.

ئاکامی ئەم پرۆسەیە هیچ دەسکەوتێکی نابێ، بەجۆرێک کە خۆمان لێ گێل دەکەین و چاومان لە کەرەستە و بەرهەمی بیانی دەبێ. بێگومان کاتێ ئازادی بەیان و ئەندێشە نەبێ، چاولێکەری دێتە ئاراوە و بیر و هزر وشک دەکات. سەرەڕای ئەوانە سانسۆر و خۆسانسۆریش لەوێ ڕاوەستێ کە خۆی لەخۆیدا خەساری کۆمەڵایەتی بەرچاوی بەشوێندا دێت. دەرئەنجامەکەی چییە؟ نووسەران وزە و هێزی گوتن و نووسینیان تا ئاستێکی بەرچاو دابەزیوە، هەربۆیە بەردەنگ و خوێنەر کەم بووەتەوە، قوتابخانە و زانکۆکان بوونەتە کۆمپانیای دروستکردنی قوتابی بێکار و گۆڕستانی بێ دەنگیی. چاپی کتێب بووەتە دەردی سەرێکی گەورە بۆ نووسەران و بێنەوبەرەیەکی زۆریان پێ دەکەن، یانی کەندوکۆسپ و لەمپەر بووەتە بەشێکی جیانەبووەوەی ژیانی نووسەر. وڵاتی ئێمە کە خۆی بە خاوەنی فەرهەنگ

و شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێ، تیراژی چاپی کتێبەکانی کەمتر لە دوو هەزار دانەیە و ئێستا بۆ پێنسەت دانە دابەزیوە! سانسۆر بەربەستێکی ڕەشە بۆ گەشەسەندنی بیروڕای ئیلیت و ڕووناکبیر.

میتۆد، یان شێوازی نووسەر لە هەمبەر بابەتی دەقەکە چەند تایبەتمەندی هەیە، بێگومان شێوازی ڕۆمان لەگەڵ وتارێکی زانستی جوداوازە، زمانێک کە بۆ وەسفی بابەتێکی زانستی بە کاردەبردرێ، لەچاو شرۆڤەیەکی ئەدەبی تۆفیری (جیاوازی) هەیە. نووسەر دەبێ مژارێک هەڵبژێرێ تا خوێنەری کۆمەڵگە بۆی گرینگ بێ، واتە نووسەر، یان وەرگێڕ شێوازێک هەڵبژێرێ کە باڵانسێک لەنێوان دەق و خوێنەردا پێک بێنێ، کەواتە وەرگێڕیش دەبێ شێوازی دەقی زمانی دەسپێک لەبەرچاو بگرێت.

وەرگێڕ بە پێی ئەزموونی خۆی نووسراوەی نووسەر هەڵدەسەنگێنێت و شێوازێک هەڵدەبژێرێ کە خوێنەر لێی حاڵی بێت و لای شیرین بێت، بەڵام وەرگێڕ، ناتوانێ دەقی نووسەری سەرەکی بگۆڕێ، وەک چۆن نووسەریش نابێ وتاری زانستی بە شێوازی ئەدەبی بەیان بکات، چونکە گۆڕینی شێوازی نووسەر لەلایەن وەرگێڕەوە زمانی دەسپێک دەشێوێنێ. هەندێک شێوازی نووسینی خۆیان بەسەر دەقی زمانی دەسپێک دەسەپێنن و ئەم وەرگێڕانە بەڕای ڕەخنەگران هەڵەیە، کەواتە سەپاندنی شێوازی وەرگێڕ بەسەر دەقی نووسەر کێشە دروست دەکا و لەوانەیە وەرگێڕانێکی بێ ناوەرۆک دەرخواردی خوێنەر بدات.

بێگومان هیچ وەرگێڕێک ناتوانێ بە تەواوەتی بۆچوونی خۆی لە بەرهەمەکەی جیابکاتەوە. جاری وایە وەرگێڕ بە ئەنقەست، یان ئەوەی پێی وایە شێوازی خۆی باشترە دەست لەناوەرۆکی دەقەکە وەردەدات. هێندێک لە وەرگێڕەکان ئەوەندە خولیای نووسراوەی خۆیانن کە شێوازی نووسەر لەبەرچاو ناگرن و لەکاتی پێداچوونەوە هەست بە جیاوازی زمانی دەسپێک و زمانی مەبەست دەکەن. بۆ نموونە زەبیحوڵڵا مەنسووری لەوەرگێڕاندا تەواو بۆچوونی خۆی تێدا دەگونجاند و قەوارەی کتێبەکانی کە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی فارسی زۆرجار دووبەرابەر دەبوون. مەنسووری خۆی کورد بوو، بەداخەوە، بە تەواوەتی هێز و تینی نووسینی لەخزمەت نەتەوەی فارسدا دانا و خزمەتێکی گرینگی بە زمان و چاندی بیانی (فارس) کرد.

زۆر جار بەرهەمی کاری خۆیان لەگەڵ دەقی سەرەکی هەڵدەسەنگێنن و حەول دەدەن شێوازی وەرگێڕانی خۆیان لە دەقی زمانی دەسپێک نزیک بکەنەوە، بەڵام ناتوانن کەسایەتی خۆیان لە وەرگێڕانەکە دوور بخەنەوە.

هاوواتاکردنی وشە، دەستەواژە و داڕشتنی ڕستە بۆ زمانی مەبەست لە کارە هەرە سەرەکییەکانی وەرگێڕە. جاری وایە وەرگێڕ بۆ وشەیەک چەند هاوواتای لەبەر دەستدایە و دەبێ ئەوە هەڵبژێرێ کە پڕ بە پێستێتی، هەروەها دەبێ پێکهاتەی ڕستەکە لەبەرچاو بگرێت، لەوانەیە مانای وشەیەکی زمانی دەسپێک ناڕوون بێت، لێرەدا وەرگێڕ دەتوانێ چۆنیەتی بەکار هێنان، یان پراگماتیزمی وشەکە شرۆڤە بکات. بەگشتی وەرگێڕان کارێکی دژوارە و وەرگێڕ دەبێ پرەنسیپەکانی وەرگێڕان بناسێت. سەرەڕای ئەوانە دەبێ بە شێوەیەکی زانستی چۆنیەتی وەرگێڕان و بەکارهێنانی

وشـه لـه شـوێنی گونجـاو بزانـێ و لـەم بـوارەوە لێهاتوویـی هەبێـت، واتـە وەرگێـڕی لێهاتـوو ئـەو کەسـەیە کـە توانسـتی ئاخاوتـن بـە دوو، یـان چەند زمانی هەبێ و شارەزای ڕێزمان و ئیدیۆم و کولتـوور و......هـەردوو زمانەکـەی هەبـێ، هەروەهـا پەیامـی دەقەکـە بگەیەنێـت و تەنیـا بـە وەرگێڕانی وشـەکان ڕازی نەبێ و کاتی بۆ دابنـێ و خـۆی پێـوە مانـدوو بـکات.

دیـارە باشـترین وەرگێـڕان ئـەو وەرگێڕانەیـە کە لـە زمانـی سـەرەکی و بیانییـەوە وەرگێڕدرێتـە سـەر زمانـی دایکـی. بـۆ نموونـە وەرگێڕێکـی کـورد ئەگـەر دەقێکـی فارسـی بکاتـە عەرەبـی، یـان زمانێکـی دیکـە زۆر سـەرکەوتوو نابـێ، باشـتر وایـە لەزمانـی کوردییـەوە کـە پاشـخان و کانتێکسـێکی بەرینـی ئەدەبـی هەیـە و بێشـک سـەرکەوتوو دەبـێ.

هـەروەک پێشـتر ئامـاژەم پـێ کـرد، وەرگێـڕ دەبـێ لـە وشـە و دەسـتەواژەی پێوەندیـدار بـە دەقەکـە کەڵـک وەرگـرێ. بـۆ وەرگێڕانـی کـۆد و وشـەی پێویسـت پسـپۆڕی و زانیـاری هەبـێ و دەقەکـە بپارێـزێ و بێلایـەن بـێ و پێداچوونـەوەی بـۆ بـکات، چونکـە وەرگێـڕان سـنووری وڵاتەکانـی تێکداوە و کۆمەڵگەکانی نێونەتەوەیی لێک نزیک کردووەتـەوە، بۆ نموونە توریسـت و ژورنالیسـتەکان و زانسـتە پێوەندیـدارەکان قـەرزداری وەرگێڕانـن، کەواتـە وەرگێـڕان کارێکـی سـانا نییـە و خزمەتێکـی گەورەیـە بـە زمانـی هـەر نەتەوەیـەک. بـەم بۆنـەوە ڕۆژی سـیی ئەیلـوول بـۆ ڕۆژی جیهانـی وەرگێـڕان دیـاری کـراوە.

دیـارە گەلـی کـورد وەک باقـی ژانـرە ئەدەبـی و هونەرییـەکان، کەڵکـی پێویسـتی لێوەرگرتـووە. کەسـایەتیگەلێکی وەک مامۆسـتا هـەژار و محەمـەد ڕەمەزانـی و زۆر کەسـایەتی دیکـە ڕۆڵـی گرینگیـان نوانـدووە و ئێستاشـی لەگەڵدابـێ بەرەی نوێ خاوەن بەرهەمـی زێڕینـی وەرگێڕانـن. بـەو هیوایـەی کـە وەرگێـڕان پـردی گواسـتنەوەی بەرهەمـی نەتـەوەی کورد بـێ بـۆ ناخـی ئەدەبیاتـی نەتەوەکانـی دیکـەی دنیـا.